# ڕونكردنەوەیەك بۆ جەماوەری شاری سەردەشت و هێزە سیاسییەكانی كوردستان

ئەوەی ڕونە لای هەموو لایەك كۆماری ئیسلامی ئێران جگە لە سەركوت و كۆمەڵكوژی دەیان هەزار خەڵكی سڤێل هیچ دەسكەوتێكی كەی بۆ خەڵكی كوردستان نەبووە , جەماوەری كوردستان كوشت و بڕی ڕابردوویان لە یاد نەچوەو چاوەڕوانی هەلن هێزە سەركوتكەرەكانی لە كوردستان ڕابماڵن , خەڵكی تێكۆشەی شاری سەردەشتییش كەمیان لەو كوشت و بڕە بەر نەكەوتووە , شاری سەردەشت و دەوروبەرەكەی دوا ناوچە بوون لە كوردستان دەستی ڕەشی كۆماری ئیسلامی ئێران پێی گەیی .

ئەوانەی بوونە قوربانی لە بوردومانی كیمیاوی شاری سەردەشت وەك هەر كەسێكی كەی كۆمەڵی كوردستان دوژمنانی سەرسەختی كۆماری ئیسلامی ئێران بوون , بۆیە ئێستا ئێمە خەڵكی سەردەشت و هێزە سیاسییەكانی كوردستان هوشیار دەكەینەوە لە :-

- شاری سەردەشت بەشێكە لە كوردستان , پێویستە لەناوەندە جیهانییەكان لە كاتی باسكردنی بۆردومانكردنی شارەكە وەك شارێكی كوردستانی بناسرێت نەك شارێكی ئێرانی .
- كۆماری ئیسلامی ئێران و داروەدستەكەی نابێت كێسی بۆردومان كردنی شاری سەردەشت لە خزمەت خۆی بەكار بهێنێت .
- پێویستە هێزە سیاسییەكان كوردستان موداخەلە لە كێسی بۆردومانكردنی شاری سەردەشت و شارو شارۆچكەكانی كەی كوردستانی خۆرهەڵات بكەن , بێهەڵوێستی ئەوان دەستی كۆماری ئیسلامی ئێرانی ئاوەڵا كردووە تا بە قازانجی خۆی بیقۆزێتەوە .

ئێمە وەك ناوەندی چاك نارازین لەوەی كۆماری سەركوت و ئیستبدادی ئیسلامی ئێران , كێسی بۆردومانكردنی شاری سەردەشت لە خزمەت خۆی بەكاربهێنێت , پێویستە بەهەموو لایەكەوە ئەو هەوڵانە پوچەڵبكەینەوە , بیبەینەوە ڕچە ڕێگەی خۆی , یاداوەری شاری سەردەشت لە خزمەت كۆتایی بە ستەم و جینۆسایدكردنی گەلی كورددا بێت و بیكەینە چەكێك بۆ دژایەتی داگیركەران و دكتاتۆرییەت , لە پێشییانەوە دادگایی سەرانی بەعس و كۆماری ئیسلامی ئێران .

ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفال و جینۆسایدكردنی كورد-چاك 2005-6-11 www.chak.info